Kurdistannet کوردستان نێت

دەجوابی **سایتی هەڵوێست** دا لەمەڕبابەتی( ئەی ڕەقیب وفەرهەنگی تەقەددوس)

سایتی هەڵوێست دەنووسێ ( دەلاپەڕەیەکدا ) چەند کۆپلە شێعری ناتەواو ( لە باری قەوارەی شێعریێوە ) لە سەر کێش وهەوای ) ئەی ڕەقیب بە **تەنز**بڵاویۆتەوە ، پرسیار لێرەیە کە ئەگەر بڵاوکردنەوەی ئەوتۆ ئەی (ڕەقیب ) یێك کارێکی درووست بووە بۆ نانووسێ ( **کوردستانپۆست** ) بڵاوی کردۆتەوە؟ کەسێك مانای تەنز بزانێ بە لاوی گیانفیدا نالێ لاوی گێژ وحول ،بە ڕۆڵەی ڕەنگی سوورو شۆڕش نالێ جاسووس ، بە میللەتێکی دین وئایینی نیشتێمانێتی نالێ دین وئایینی دوژمنانێتی. وادیارە لە مەڕ بڵاوکردنەوەی ئەو(ئەی ڕەقیب)ە دە سایتی کوردستانپۆست دا ، ڕەخنەتان زۆر لێگیراوە کە ئاوا هەڵەکەی خۆتان بە چووك دەگرن وڕەخنەی خەڵکیش مۆرکی ( تەعەسووب) ی لێدەدەن .هەر ئەوسایتە دەڵێ کە(سروودی نەتەوایەتی لە زۆر وڵاتان تا ئێستا گۆڕاوە) ،منیش دەگەڵتم وپێموایە هیچ شتێك لە دونیادا نابێ وەك بەرد چاوی لێبکرێ بە تایبەت ئەوانەی خۆیان بە سیاسی دەزانن وحەولی ئاڵۆگۆردە وڵاتی خۆیاندا دەدەن .بەڵام گۆڕین دەگەڵ سووکایەتی پێکردن ویە گەپ گرتن لە ئەرزی تا ئاسمان فەرقیان هەیە .من خۆم دەمێکە کە پێموایە ئەو سرووده دەبێ بدرێتە دەستی مێژوو وسروودێکی کە دەگەڵ ڕەوتی سیاسی ئەوڕۆی کوردستان ودونیادەنگونجێ بگووترێ ، بەڵگەشەم بۆ ئەومەبەستە دووشتن یەکیان ئەوەی کە کورد **قەوم نییە ومیللەتە** ،دووهەمیشیان ئەوسرووده بۆنی شەڕی لێدێ وتووند وتیژە کەدەگەڵ دونیای ئەوڕۆ ناگونجێ ، . بەڵام وڵامی من دە جوابی ئێوەدا کە ڕەخنە بە ( تەعەسوب ) دادەنێن ئەوە نییە کە لە سەرەوە هاتووە.

وەرن بامیللەتی کورد دەگەڵ هەمووئەومیللەتانەی دەورو وپشتی بە داب ونەرت وفەرهەنگ وئەوتایبەتمەندیانەی کە بۆیان جێی ڕێز وحورمەتە هەڵسەنگێنین و بزانین ئەساسەن وشە گەلی وەك (تەعەسوب، ناسیونالیست ، بەرچاوتەنگ ، موتەعەسیب، ) کێ دەزارانی هاویشتووە و کردویە بە گوناهی گەورە لە میللەتی کورد ؟ ئەو کوردە بەستەزمانەش بە بوونی ڕووناکبیری کەمتەرخەم ئەو وشەگەلەی کردوەبە وێردی سەر زبانی و لە میللەتی کوردی بەشخوراوی کردوە بە کڕاسی خوێناوی عوسمان ودەبەر حوسێنی مەزلوومی کردووە. یانی دەکار کردنی ئەووشەگەلە و کردنیان بە گوناهی کەبیرە لە سەر میللەتی کورد زانایانە ویە مەبەستەوە بووە و هەیە ، دەنا خۆ کەس نالێ کە کورد دەبێ تووند وتیژ بێ لە ڕاست ڕەخنە ،بەڵام ئەوەندە دەبێ ڕێزی بۆ تایبەتمەندێکانی خۆی دابنێ کە مەترسی توانەوە وئاسمیلە بوونی لەسەر نەبێ بە

بوونی شوینیسمی تورك و عەرەب وعەجەم لە دەوری كە بە شاهێدی مێژووهەموو حەولی توانەوە ولە بەین بردنیانداوە وئێستاشی دەگەڵ بێ ، بەڵام دانانی ڕێز بۆ تایمەندێكانی خۆشمان بەو مانایە نییە كە دەبێ هی خەڵكانی دی پێشێل بكرێن .ئەگەرئەو نووسەرانەو ڕووناكبیرانەی كورد كە پاراستنی هەستی نەتەوایەتی بە تەعەسوب ودەمارگرژی لە قەڵەم دەدەن ،نیوهێندە ی نووسەران وڕووناكبیرانی ئەوگەلانەی كە ئێستا گەلانی سەردەستن لەسەرمان هەستی نەتەوایەتیان دەنێومیللەتی كورددا پەرەپێدابا ،چارەنووسی میللەتی كورد ئەوە نەبوو كە ئێستێ دووچاری هاتووە كە لاوەكانی سەبارەت بەوەی كە كوردن سەرببڕدرێن . منداڵانی كورد لە قوتانخانەكان سروودی نەتەوایەتی داگیركەرانی خۆی بە شانازێوە بلێتەوە و بە هی خۆی بزانێ و دە حالێكدا لە لایەن شاعێرێكی وەك ( دلزار)یشەوە گەپ بە سروودی نەتەوایەتی خۆی كە دە ڕەگ وڕووح وخوێنی باب وباپیرانی مریوە سوكایەتی پێبكرێ و ئەگەرهات ویەكێكش ئیعترازی بەو سووكایەتییە كرد ،لە لایەن سایتی هەڵوێست وە مۆركی تەعەسوویی مەزهەبی لێبدرێ .ئێمەی كورد ئەگەر ڕێز بۆ زبان وئاڵا و وڵات وئەی ڕەقیب دانەنێن ، ڕێزمان بوو چی هەبێ ؟ باشە بە بیر وباوەڕی ئێوەی بەڕێز دە سایتی **هەڵوێست** داكورد ڕێزی بۆ سروودی نەبێ وڕێزی بۆ هەستی نەتەوایەتی نەبێ ، بوونی میللەتی كورد مانای چییە؟ بۆ بە خۆمان دەڵێن كورد ؟ بۆ بەو شوێنەی كە لێیدەژین دەڵێن كوردستان ؟ئەی ئەودەیانساڵە كە بە هەزاران كیژ ولاوی لە بەندیخانەكان ئەشكەنجە كراون ، تەجاوزیان پێكراوە ، بێ حورمەتیان پێكراوە ،ئەی ئەوهەموو گوند وشار وشارۆچكەمان لێسووتێندراوە ، ئەوگشتە كوردە بە ژن وپیاو دەیان ساڵە ڕاونراوەن ، ولە سەر خاكی باب وباپیرانی خۆی دەركراون ، خەڵكی تریان نیشتە جێ كردوون لە جێ خاكی باب وباپیرانیان ، **گەمەن** ؟نا هەر لەسەر باوەڕ بە ئەی ڕەقیب بووە كە كورد وای بەرسەردێنن، خۆ لەسەر دزی نەبووە . ئەی ئەو كیژ ولاوانەی كە بە دەیانهەزار لە بەر ئەو زوڵم ویێ مافییە دەستی لە دایك ویاب ویرا وخوشك وكەس وكار وشوغڵ وژیان هەڵگرتووە ودەستی داوەتە چەك ووەشاخی كەوتوون، **یاغی بوون؟ چاویان سووربووە** ؟ بوونە ڕێگر؟

نا ،ئێوەی بەڕێز زیادی **دیمووكڕاتن ، زیادی ئینتەرناسیۆناڵن ،**

كورد بە درێژایی مێژوو تووشی دوو ئیدەئۆلۆژی هاتووە كە بەبێ وەی ڕووناكبیرانی بیری لێبكەنەوە كە داهێنەرانی ئەودوو ئیدەئۆلۆژی یە گەلانی سەردەستن یان خود پەرەپێدەرانی گەلانی سەردەستن ،چون

ئەوبیر وباوەڕانە پارێزەری سەردەستی و ئاغایەتی یان بووە ،کە یەکیان ئیسلام وئەوی دوایی کۆمۆنیزم بووە.ئەگەر ( سەلاحەدینی ئەییوبی کەمێکی هەستی کوردایەتی بوایە حکوومەتێکی کوردی لە کوردستاندا دادەمەزراند لە جیاتی حکومەتی ئیسلام لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە ئەوڕۆ پاش سەدان ساڵ گەلانی جیران حاشایان لە نەوەکانی نەدەکردو( **دلزار**)یش ئەوڕۆ شانازی بە کورد وسروودەکە دەکرد ،

یا بەڕێوەبەرانی سایتی (هەڵوێست ) بە هەڵگری ئیدەئۆلۆژی کۆمۆنیزم وە،ڕێزدانان بۆ سروودی نەتەوایەتی بە ( **تەعەسوبی مەزهەبی** ) دانەدەنا من هەر لێم حاڵی نییە ،کەسێکی ڕێزی بۆ تایمەندی گەلی خۆی دانەنێ ، کەسێکی هەست بە ئێشی زامی جەرگی دایکی خۆی نەکا ، چۆن دەتوانێ لە ئێش وئازاری گەلانی دی بدوێ وڕێزی بۆ تایمەندی گەلانی دی هەبێ ؟ لەژێر ئەوبیر وباوەڕە کەمتەرخەمیانە ویە چەواشەگرتنی هەستی میللەتی کورد مەبەستی شاراوەی تێدایە ، من لە ئێوەی بەرێز داوا دەکەم کە سەرێك لە سایتی ( بروسکە ) بدەن وگوێ لە سوخەنڕانی مەحفەلی دژە کوردی فاتیحی شێخەلئیسلامی بگرن وبزانن کوردی **(خۆ پێ سووك )** ،چۆن بیور وتەوەرداسی بدەسەوە گرتووە ولە ڕەگ وڕیشەی نەك هەر گەلی خۆی بگرە لە ڕەگ وڕیشەی باب وباپیری خۆشی دەدا ، ئەوتۆ سوخەنڕانێك ویە چەواشەگرتنی ئەی ڕەقیبی **دلزار** تەنیا دە ڕواڵەتدا جێوازیان هەیە دەنا دەڕێبازومەبەستدا یەکشتن .ئەو تایبەتمەندیانەی کوردکە کاك فاتیح ئاوا لێیان دەدوێ هەموو مەعادەلەکانی بۆ گەلانی سەردەست وەك بوتن ،خودان ودەیانپەرەستن . خوسرەوی گولسرخی مارکسیستی فارس زبان لە مەولای حوسێن دەدوێ ، لە تەمەدونی فارس دەدوێ ڕووناکبیری کوردیش وەك فاتیحی شێخەلئیسلامی مەولای خۆی ومیللەتەکەی بە( گۆە) واتە **پیسایی** نێو دەبا ،و**دلزار**یش ئاوا سروودی نەتەوایەتی میللەتی کورد دەزاری دوژمنانی کورد داوێ ، وئێوەش لە جیاتی ڕەخنەی لێ بگرن ولانی کەم کوردستانپۆست بڵاوی نەکردباوە ، هەستاون ودیفاعیشی لێدەکەن .**کوردستانپۆست** پێیوابوون حەوت مێشی دەکونێکیدا دیوەتەوە کە بۆ جاری دووهەمیش بڵاوی کردەوە. ئەوانەن چارەڕەشی میللەتی کورد .بەو هیوایە کە هەمووده ڕێگای یەکبوونی ویەکدڵ بوونی میللەتی کوردا هەنگاوهەڵبگرین با چیتربەو قەسانەی خۆمان ڕێ بە ناحەزانی گەلەکەمان نەدەین کە گەپ بە خۆدانمان بکەنە گۆپاڵ ودەرسەرخۆمانی بکوتن .جارێکی دی دووپاتی دەکەمەوە کە هەم دلزار وهەم کوردستانپۆست داواله کورد بکەن کە بیانبوورن .

بە ڕێز وحورمەتەوە خەمین ٢٧-٩-٢٠٠٤